# گەلکوژی ئەنفال: تراژیدیایەکی گەورە لە ژێر بەزەیی تێنەگەیشتن، بەلاوەنان و خراپبەکارهێناندا

**شاخەوان شۆڕش**
2007.04.02

ساڵی پار بەپێی کۆبوونەوەیەکی پارلەمان، کە دەبوایە مۆری ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتی و پارتی سەبارەت بە دابەشکردنی پۆست و مینستەریەکان بکات، ئەنفال خرایە تەک وەزارەتی شەهیدان. ئەو بڕیارە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە بەسەر پەرلەمانی نەسەپاندبوو، چونکە ئەنفال وەکو پێشمەرگە، ناوخۆ یا دارایی گرنگ نەبوو تا دایبڕن و کەسیش نەوێرێت دەنگ بکات. وەکو "مافی مرۆڤ" پێویستی بە گەمارۆدان نەبوو تا بیسەپێنن و بیخەنە ژێر چاودێری خۆیان. ئەنفال بۆ ناکۆکی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار وەکو مینستەریە گرنگەکان کێشە دروست ناکات. ئەنفال لای ئەوان تەنانەت وەکو مینستەریە کلاسیکیەکان یا بێگرفتەکانیش گرنگ نییە تا مینستەریی تایبەتی بۆ دابندرێت. کارەساتی ئەنفال ناچێتە خانەی پرسە هەستیارەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و پرسێک نییە خۆی لە چەقی بەرژەوەندییە کەسییەکانی سەرۆکەکان و بەرپرسە گەورەکان بدۆزێتەوە، بۆیە لە لایەن سەرۆکەکانەوە گرنگی پێنادرێت.
پرسی ئەنفال پرسی تێکڕای گەلە و پێویستی بە بایەخپێدان هەیە، دەبێ پارە و وزەی زۆری لێخەرج بکرێت، کۆمەڵێ لقوپۆپی هەیە، لایەنی جیا جیا دەگرێتەخۆی، هەموویشی پێویستی بە خەرجی، هەوڵ و پرۆگرامی کۆنکریتی و چاڵاکانە، دەزگای تایبەت و پرۆژەی زۆر هەیە.
ئەو بڕیارەی ئەندامانی پەرلەمان، بڕیاری خۆیان بوو و زۆرینە دەنگیان بۆ ئەوەدا ئەنفال بخرێتە تەک شەهیدان. واتە زۆرینەی ئەوان مینستەریەکی تایبەتیان بە ئەنفال ڕەوا نەبینی یا بە پێویست نەزانی. دەکرێ گەلێ لێکدانەوە و وەڵام بۆ ئەو بڕیارەی پەرلەمان هەبێت، یەکێ لەوانە ئەوەیە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (بەتایبەتی ئەو زۆرینەیەی لەگەڵ وەزارەتی تایبەت بە ئەنفال نەبوون) تا ئێستا لە بەرفراوانی و سەختی کێشە پەیوەستدارەکان، لقوپۆپی زۆر، گرنگی و گەورەیی کارەساتی ئەنفال نەگەیشتوون.

ساڵی پار هەر بەبۆنەی یادی کارەساتی گەلکوژیەکەی ئەنفال، "پارلەمانی کوردستان" یادێکی کلاسیکیانەی دووبارەکردەوە. کۆمەڵێ ووتە و گۆتەی ڕەنگاوڕەنگ دیسان دووبارەکرانەوە، بۆنمونە سەرۆکی پارلەمان داوادەکات و دەڵێت، "ئەنفال تەنیا بۆ ڕاگەیاندن نەبێت بەڵکو دەبێ کارێکی وا بکەین هەمیشە کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هزر و بیرمان نەچێتەوە و نەوەکانی داهاتوومان لە بیری نەکەن". ئایا ئەنفال هەر ئەوەیە لەبیرمان نەچێتەوە؟! دیارە ئەنفال لەوە گەورەترە بتوانرێ لەبیر بکرێت. پاشان بەپێی کامە کار، کامە چاڵاکی، کامە پرۆژە و پرۆگرام؟ بەپێی کامە کانون؟ سەرۆکی پەرلەمان وەکو بڵێی داوای بەرزڕاگرتن و گەورەکردنی کارەساتی ئەنفال دەکات! دیارە هەر پەرلەمان بوو ئەنفالی خستە تەک شەهیدان، بەمجۆرە ئەنفالی بچوک کردەوە و خستیە پەنای وەزارەتێکی دیکە! بەڵام ئایا پەرلەمان شوێنی یادکردنەوە و گۆتەی ڕەنگاوی و قەڵەوە، یا شوێنی پێشنیاری کۆنکریتیانەی گرفتەکانە، دەمەتەقێیە لەسەریان و کانون دەرکردنە بۆ چارەسەریان، هەروەها لێپێچانەوەی جێبەجێکردنیانە؟ تا ئێستا پارلەمانی کوردستان لە بڕیارێکی کانونیدا کارەساتی ئەنفالی وەکو گەلکوژی نەسەلماندووە و لە چوارچێوەیەکی کانونی دانەناوە، بەجۆرێک کە گوزارشتێکی کورت و پوختی کارەساتەکە بکات، وەکو گەلکوژی بیناسێنێت، ستاتی ئێراق وەکو تاوانبار بناسێنێت، هەروا سزای کانونی بخاتەسەر ئەوانەی لە کوردستاندا نکۆڵی لە بوونی گەلکوژی ئەنفال دەکەن. بەکورتی واپێدەچێ تا ئێستا دەسەڵاتداران و نوێنەرانی گەلی کوردستان (زۆرینەیان) نازانن ئەنفال چییە و چی گەرەکە، یا دەکرێ لەوەشدا چاوەڕوانی ئەوە بن لایەنێکی دەرەکی تیشکی سەوزیان بۆ پێکات.

خاڵی سەرەکی یادەکەی ساڵی 2006ی پارلەمانی کوردستان بریتی بوون لە: **گەیی لەوەی کەسوکاری ئەنفال کەمیان بۆ کراوە و ناڕەوایی هەیە، داوا بۆ بەدواداچونی داواکاری کەسوکاری قوربانیەکان و یارمەتیدانیان، هەروەها داوا بۆ بەرزڕاگرتن و لەبیرنەکردنی یادەکە**. بەکورتی ئەوە پوختەی تێگەیشتنی ئەوان و دەسەڵاتدارانی باشورە بۆ کارەساتی ئەنفال. ئەوە بەبێ بوونی بەرنامەیەکی کۆنکریتی بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی هەژدەساڵە هەن و "تائێستا" درکیان پێکراوە. بەبێ ئەوەی گرفتەکان و ناڕەوایەتیەکان بەوردی دیاربکرێن. دیارە پارلەمان داوای سازکردنی کۆنفرانسێکی بۆ

**کێشەکان کرد! وادیارە دوای هەژدەساڵ دەبێ کۆنفرانس ببەسترێ بۆ ئەوەی لە کێشە و مەینەتی قوربانیەکانی ئەنفال بگەن! وەکو دەرکەوت ئەو کۆنفرانسەش (ئەوەی بۆ هەڵەبجە سازکرا) بەدەردی ئەوانەی دیکە چوو و لە گۆتنی بریقوباق و ڕووالەتی بەولاوە چیتری تائێستا بەدواوە نەهات. دوای 19 ساڵ دۆزی ئەنفال تێگەیشتنێکی کلاسیکیانەی سنوردار تێپەڕناکات، بۆئەوەش دەبێ کۆنفرانس ببەسترێت تا تێیان بگەن! ئایا کێشەکان هێندە نادیارن تا کۆنفرانسیان بۆ ببەسترێت یا لەڕاستیدا ئەوە ڕێگایەکە بۆ دواخستن و لەباربردنی هەوڵە خاوخلیسکەکان؟ ئایا ئەوە تەمبەڵی، هیچلەباری و بەهابۆشی دەزگاکاکانی بەڕێوەبردن و یاسادانان نییە؟**

**هەر ئەوسا و لە ڕۆژانی پێش و دوای ئەو بڕیارەی پارلەماندا، بەبۆنەی یادی ئەنفال هەردوو پارتی خاوەن دەسەڵات و میدیا، لێرە و لەوێ گەلێکیان بە خۆیاندا هەڵگووت، پاڵەوانیەتی خۆیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا بەرزنرخاند و گوزارشت کرد. بۆنمونە مەلا محەمەد مەلا قادر بەشانازیەوە دەیگوت، "لەبەر بوونی پێشمەرگەکانی پارتی بوو، حکومەت کیمیابارانی بالیسان و شێخوەسانانی کرد، چونکە دەیزانی پێشمەرگەکانی پارتی زەبری کوشندە لە دوژمن دەوەشێنن". وازلەوەبێنە ئەو گوتنە چەند ڕاستە، یا چۆن ئەو کەسە هەوڵی بەرزکردنەوەی پارتەکەی خۆی دەدات، وەکو لەو گوتنە و هی دیکە دووبارە دەبیسترێن، خاڵی بنچینەیی بابەتەکە دەشێوێندرێت، فاکتەرێکی ناگرنگ بەرزدەکرێتەوە و بەمجۆرە ناوکی بابەتەکە ڕادەماڵدرێت. پارت و بەرزکردنەوەی پارت دەبێتە چەقی گرنگیپێدان و گۆتن و گوتارەکان، بەمجۆرە پاڵەوانیەتی و قارەمانیەتی، پاکی و بەرزی بۆ پارت دەگەڕێندرێتەوە. وەکو دیارە بەهۆی دەسەڵاتداریی پارت و زاڵی بەرژەوەندی پارت، بەرپرسەکان هۆشمەندیی لەدەست دەدەن، کارەساتی گەلکوژی ئەنفال و ناوکی کارەساتەکە بەلاوە دەنێن، جەخت ناخەنەسەر ئەو کارەساتە گەورەیە کە بەسەر گەلدا هاتووە، ئەوە ئەگەر تێگەیشتنێکیان بۆ گەلکوژی ئەنفال هەبێت.**
**دیارە بەپێی ئەو گۆتەیە و گوتنی لەو شێوەیە دەکرێ پارتە ڕامیاریەکانی کوردستان وەکو پشکدار لە ئەنفالکردنی ژن و منداڵ و خەڵکی بێتاواندا تۆمەتیان بخرێتەپاڵ. ئەو جۆرە گۆتنانە بۆ ئەوان باش نین، بەڵام وادیارە ئەوەش جێگای شانازیە.**

**لەم وتارەدا سەرنج دەدەینە ئەوەی ئایا دەسەڵاتدارانی کوردستان چۆن سەیری ئەنفال دەکەن؟ قوربانیانی ئەنفال و شەهیدان و ڕوونکردنەوەیەک. ئەنفال بۆ بەرفراوان، گەورە و فرەلقە، هەروەها پرس و کێشەکانی کارەساتی ئەنفال چین؟ دەبێ چی سەبارەت بەو هەموو بوارە گونجاو و پەیوەستدارانە بکرێت و چۆن؟**

**بەگوێرەی ئەو ماوەیەی بەسەر بوونی دەسەڵاتی کوردیدا تێپەڕیووە، بەگوێرەی هەڵسوکەوت و کارەکانی دەسەڵات بۆ ئەنفال و کێشە پەیوەستدارەکانی، کێشەکە کلاسیکیانە سەیردەکرێت، هەوڵ دراوە گوزارشتی کارەساتەکە لایەنگیرانە و ڕەنگاویانە بۆ ناوەوە و دەرەوە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی پارتدا بکرێت. یادی کارەساتەکە وەکو ڕیکلامە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهاتووە. ئەویتر کە لای دەسەڵات پەیوەندی بە کارەساتی ئەنفالەوە هەیە، پاشماوەی قوربانیەکانن، هەوڵدراوە موچەیەکی کەمیان بۆ ببڕدرێتەوە، یا هەندێکیان زەویان پێبدرێت، ئەویش جوداکارانە. شایانی گوتنە زۆربەی خێزانە ئەنفالکراوەکان ژیانیان سەخت و خراپە، شوێنی ژیانیان ئەوپەڕی سەرەتاییە، کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە، کێشەی دەرونیان هەیە، موچەکانیان بەشی پێداویستیەکان ناکات، زۆربەیان لە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بێ بەشن، گەلێ لە قوربانیانی کارەساتەکە ژیانیان تراژیدیایەکە بۆخۆی، بەجۆرێک ئەوانە لەگەڵ ئازارەکانی گەلکوژی ئەنفالدا شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، ئەوانە گەلێکیان بەتایبەتی ئەو ژنانەی بێوژنکران و ڕاستەوخۆ قوربانی کارەساتەکە بوون، لە ناخدا ژینۆساید کراون. دیارە بوونی دەسەڵات و کۆمەڵگەیەکی کۆنەپەرست و پیاوسالاری کوردی ئازارەکانیان زۆر قورستر و کوشندەتر کردووە.**
**ئەگەر سەرنج بدەینە بڕیارەکەی پەرلەمان و لکاندنی ئەنفال بە شەهیدان، هەرەها هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لەگەڵیدا، سەیر دەکەین کێشەی ئەنفال تاڕادەیەکی زۆر وەکو کێشەی خێزانە شەهیدەکان سەیر دەکرێت، دیارە بەکردەوە نا. بەمشێوەیە کێشەکە تەسککراوەتەوە و بریتیە لە گەلێ خێزانی ماندو و زیان پێکەوتوو کە پێویستە یارمەتیان بدرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە تێگەیشتنەشدا، تا ئێستا ئەو خەڵکە قوربانییە وەکو خێزانی شەهیدان مافی یارمەتیان نییە. لە ڕاستیدا سەبارەت بەهەردوو بابەت (شەهیدان و ئەنفال)، جوداکاریەکی زۆر بێشەرمانە و ناڕەوایانە هەیە. ئەوەی سەر بە پارتی سەرۆکە یا بەتایبەتی لەناو پارتی دەسەڵاتداردا پلەی بەرزی هەیە، ئەوە گرنگی پێدەدرێت، ئەوەی تریش دراوەتە دەست ڕۆتین، پشتگوێخستن و لەبیرکردن. واتە نە هەر سەبارەت**

به قوربانیانی گەلکوژی جوداکاری گەورە هەیە، بەڵکو ئەوە بۆ قوربانیانی خەباتی رزگاریش (شەهیدان) جوداکاری گەورە و ناڕەوا هەیە.

### جیاوازی لە نێوان قوربانیانی ئەنفال و خەباتی رزگاری نیشتمانی چییە؟

قوربانیەکانی گەلکوژی ئەنفال لەشەڕی دژ بە دوژمن نەکوژراون، پێشمەرگە نەبووین، ئەوانە خەڵکی سڤیل، بێچەک و بێدەسەڵات بوون، دانیشتووی گوند و شارەدێکان بوون. دیارە پێشمەرگەش و خەڵکی دەرەوەی دێهاتەکانیش ژمارەیەکیان بەر هێرشی ئەنفال کەوتن، بەڵام گومان لەوەدا نییە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکە قوربانییەکە منداڵ و لاو، ژن و پیاوی سڤیل بوون. بۆیە قوربانیەکانی ئەنفال و ئەو پێشمەرگانەی لەشەڕی دژی داگیرکەردا گیانیان سپارد، دوو جۆری جیاوازی قوربانین و دەرهاویشتەی دوو پڕۆسەی لەیەکتر جودان. پێشمەرگە یا پارتیزان خۆی چۆتە شەڕ و خەبات، بۆیەش کوژرانی ئاسایی و چاوەڕوانکراو بووە. هەرچی قوربانیانی گەلکوژی ئەنفالە، ئەوانە خۆیان نەچوونەتە شەڕ و جەنگیان لەگەڵ داگیرکەردا نەبووە، ئەوانە خەڵکی سڤیل، بێچەک، بێبەرگری و بێدەسەڵات بوون، بۆیە کوژرانیان ئاسایی نییە و لە ڕوانگەی کانونی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤەوە ناڕەوایەتیەکی گەورەیان لەبەرامبەردا کراوە. دیارە بۆ گەلی پەیوەستدار (گەلی کوردستان) هەردوو جۆری قوربانی شایانی بەرزڕاگرتنن.

ئەگەر بێلایەنانە لەڕوانگەی تێگەیشتنی مافەکانی مرۆڤەوە، هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی تاوان دژ بەمرۆڤایەتی یا قوربانیانی گەلکوژیەوە سەیری هەردوو جۆری قوربانیان بکەین، ئەوا بێگومان قوربانیانی گەلکوژیەکەی ئەنفال پێش دەکەون و دەستی یارمەتیان بۆ درێژدەکرێت. بەڵام ئەگەر لایەنگیرانە و لە ڕوانگەی پارتەوە سەیریان بکرێت، ئەوا بەئەگەری زۆر ئەو کەسانەی لە ڕیزی پارتدا خەباتیان کردووە و گیانیان بەختکردووە پێشدەخرێن. هەروەکو ئەمڕۆ لە کوردستاندا پارت دەسەڵاتدارە و کەنترۆڵی بەدەستە، کوژراوانی پارت پێشدەخرێن و لەناو ئەوانیش ئەوانە پێشدەخرێن کە کەسی چالاکیان لە پارتدا لە ئاستی بەرزدا هەیە. هەر ئەو بارەشە وایکردووە، کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال تکا لە دەسەڵات بکەن کە وەکو شەهیدان (کە بە کوژراوانی پارت لکێندراوە) سەیریان بکەن، بەڵکو ئەوانیش وەکو کەسوکاری شەهیدانی پارتەکان یارمەتی بدرێن. ئەو بارە سەیرە بۆیە هەیە، چونکە پارت بەرژەوەندیەکانی خۆی لە بەرژەوەندی گەل لا گرنگترە، هەروەها پارت خۆپەرستە و نایەوێت پرس و کێشەکان یەکسانانە سەیرکات و ڕەوایانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات یا چارەیان بکات.

ئەگەر شەهید بەکەسێک دەگوترێت، کەوا لە پێناوی دۆزێکدا گیانی لەدەست داوە، ئەوا قوربانیانی گەلکوژی ئەنفالیش لەبەر ناسنامەی ناسونالیان واتە کوردبوونیان گیانیان لەدەست داوە، کە خۆی لەخۆیدا ناوکی سەرهەڵدانی خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بووە. خەباتی ڕزگاری هەمیشە بۆ بەرگری لەمانی گەل بووە و لەوێوە هەوڵ بۆ ئازادی گەل دراوە (دیارە دەکرێ چەمکی شەهید[1] بۆ زۆر جۆری گیانلەدەستدان بەکاربهێندرێت). دەسەڵاتێکی خاوەن نوێنەرایەتیەکی ڕەوا و دادپەروەر، جوداکاری لە نێوان قوربانیان کە هەموویان لە بنچینەدا لەسەر پرسێکی بە نەتەوە پەیوەستدار گیانیان لەدەست داوە، ناکات. پاشان گریمان دوژمن توانی تەواوی ناسیۆنی کورد گەلکوژ بکات، لەو بارەدا نە گەلێک بەناوی کورد بوونی دەمێنێت، نە خەباتێکیش بەناوی خەباتی رزگاری کوردستان بوونی دەبێت. بۆیە ئەگەرچی قوربانیان دەکرێ وەکو قوربانی پاسیڤ و ئەکتیڤ سەیریان بکرێت، بەڵام چونکە هۆکاری لەناوچوونیان ناسنامە و پرسێکی نەتەوەییە، لەبنچینەدا هەموویان قوربانیی ناسنامەی نەتەوەیین، بەمشێوەیە پێکهاتە و ئاوێتەیەکی یەک بوونن.

ئاشکرایە ستاتی داگیرکەری ئێراق بوونی پێشمەرگەی لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا کردە بیانوو بۆ لەناوبردنی تەواوی خەڵکی ئەو ناوچانە. بەمجۆرە داگیرکەر جیاوازی لە نێوان چەکدار و بێچەک یا پێشمەرگە و گوندنشین نەکردووە، لای دوژمن ئەوانە هەموویان "کوردی" ناپاک بوون، بۆیە بەپێی بڕیاری ستاتی ئێراق دەبوایە لەناوبچن. واتە ئەگەرچی زۆرینەی ئەو قوربانیانە خەریکی ژیانی سەختی رۆژانەی خۆیان بوون، بەڵام لای ستاتی ئێراق بوونی ئەوانە، خۆی لەخۆیدا بۆ سەر ستاتی ئێراق، نەتەوەی عەرەب و شۆڕشی بەعس هەڕەشەبوو، چارەش لەناوبردنی یەکجاریان بوو.

### واتای گەلکوژی ئەنفال و پرسگەلەکانی

گەلکوژی ئەنفال واتای چی دەگەیەنێ؟ پێویستە بگوترێت مەبەست لێرەدا پێناسەی چەمکی گەلکوژی ئەنفال نییە، بەڵکو مەبەست ڕوونکردنەوەیەکی کورتی کوشندەیی و گەورەیی کارەساتەکەیە، هەروەها ئاماژەکردنە بەو پرس و لایەنانەی پەیوەندیان بە کارەساتەکەوە هەیە.

کارەساتی ئەنفال کارەساتی گەلکوژییە (ژینۆساید) بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، بۆیەش هەموو ئەو پرس و کێشانە دەگرێتەخۆی کە پەیوەندیان بە کارەساتی گەلکوژیەکەوە هەیە. تراژیدیای ئەنفال گەلکوژکردنی کوردە، بەمجۆرە بۆ گەلی کورد وەکو کارەساتی هۆلۆکۆستە بۆ جولەکەکان یا وەکو گەلکوژی ئەرمەنیەکانە بۆ گەلی ئەرمەن. ئەو نەتەوانەی کارەساتی گەلکوژیان بەسەردا هاتووە، برینێکی هەتاهەتایی لە جەستەی ناسنامەی نەتەوایەتی و مێژووی بوونیاندا دروست کراوە. ئەوەش پرسێکە ئازارێکی مێژوویی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و دەکرێ ئازاری دیکەی گەورە لەگەڵ خۆیدا بێنێت. ئەو گەلانەی دوای کارەساتی گەلکوژی لەناو نەچوون و ئێستا خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆن، ئەوانە خەڵێکی بەشانسن لەچاو ئەوانەی نزیکەی بەیەکجاری تۆویان بڕایەوە و ئێستا بێدەسەڵات لە دیار نارەوایەتیەکانی ژیان پەککەوتەن. نمونەی ئەوانە هیندەسورەکانی ئەمەریکا، کە لەلایەن داگیرکەرەوە وڵاتیان داگیرکراو خۆشیان گەلکوژکران. دیارە کەمە مافێکی زمانەوانی و کەلتوری بۆ ئەو کەمەی کە ماون، دادی گەلێکی لەنابردراو نادات.  سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال کە بەسەر ناسیۆنی کورد لە باشوردا هاتووە، گەلی ژێردەستەی کورد هەوڵی لەناوبردنی لە ڕێگای پاکتاوی ڕەگەزی و گەلکوژیەوە دراوە. بەمشێوەیە کورد وەکو هەر ناسیۆنێکی دیکەی قوربانیی گەلکوژی، خاوەن هەمان ئازاری قووڵە. گەلی کورد خۆشبەختانە لەناو نەچوو، ئەگەرچی تا ئێستاش خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆی خۆی نییە، بەڵام ئەگەری لەناوچوونی وەکو ناسیۆن دەکرێ بڵێین نییە. بەپێچەوانەوە ناسیۆنی کورد ئەگەری سەرخۆبوونی زۆرە.

## گەلکوژی ئەنفال چی دەگرێتەوە؟

بەگشتی دەرهاویشتە و زیانەکانی گەلکوژی گەورە و زۆر و درێژخایەنن، پرسە پەیوەستدارەکان زۆرن و دەچنە خانەی جیاوازەوە.

**قوربانیەکانی گەلکوژی و پێداویستیەکان:** ئەگەر سەیری زیانە مرۆییەکان بکەین، لەو ڕوانگەیەوە هەموو ئەو مرۆڤانەی بەر ئەو کارەساتە کەوتوون یا پڕیشکی ئەو کارەساتەیان بەرکەوتووە و لەژێر چەمکی قوربانیەکانی گەلکوژی سەیریان بکەین، ئەوانە و پرسەکانیان بەسەر چەند خانەی دیکەدا دابەش دەبن، کە لێرەدا سەرنجێکی کورتیان دەدەینێ.

**کوژراوان:** قوربانی یەکەم و ڕاستەوخۆی کوشتاری گەلکوژیەکە. ئەو مرۆڤانە کە بریتین لە ژن، منداڵ، پیر و لاو چ یەکسەر کوژراون یا دواتر لە قۆناغەکانی دیکەی لە ناوبردن، لەنێوبردراون. لە لایەن دەزگای پەیوەستدارەوە دەبێ ناوی یەکەی یەکەی ئەوانە بنوسرێن، شوێن و جۆری لەناوچوونیان گوزارشت بکرێت، باری خێزانییان گوزارشت بکرێت، کەسوکاری ئەو قوربانیانە دیاربکرێن، شوێنی ژیانیان دیاربکرێ. گرنگە ژمارەی گونجاوی قوربانیان بەپێی سەرژمێریەکی ڕیالیستانە بدۆزرێتەوە. ئەوەی تا ئێستا دەگوترێت تەنها خەملاندن و مەزەندەکردنە. شایانی گوتنە تائێستا دەسەلاتی کوردستان نەیتوانیوە ئەو ئەرکە جێبەجێبکات. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە یارمەتی کارەکانی دیکەی پەیوەستدار دەدات و ئاسانکاری بۆ هەنگاوەکانی دیکە دروست دەکات.

**نەخۆش و بریندارەکان:** ئەو قوربانیانەی گیانیان لەدەست نەداوە بەڵام تووشی نەخۆشی درێژخایەن و بێچارەسەر هاتوون، ئەوجا نەخۆشیەکە دەکرێ بەهۆی ژاری کیمیاویەوە بێ یا لە ئەنجامی ئازار و ئەشکەنجەدان بێت، یانژی تووشبوونی نەخۆشی دەروونی لەئەنجامی کارەساتەکە بێت. بەگشتی ژمارەی ئەوانە بێگومان زۆرە.
ئەو کەسانەی نەخۆشی فیزیکیان هەیە و پێویستیان بە چارەسەری ماوە ماوە یا هەمیشەیی هەیە، پێویستیان بە چاودێری بەردەوام و سیستەماتیکی دکتۆری تایبەتمەند لە نەخۆشخانەی تەرخانکراوی تایبەتدا هەیە. ئەگەرچی زۆر لەوانە چارەسەریان نییە، بەڵام پێویستە هەموو هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان تەرخان بکرێت.
ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە یا جۆرێک لە نەخۆشی دەروونیان هەیە، ئەوانە پێویستیان بە یارمەتی و چارەسەری بەردەوام لە لایەن دکتۆر و نەخۆشخانەی تەرخانکراودا بە هەمان شێوەی نەخۆشەکانی دیکە هەیە. شایانی بیرخستنەوەیە زۆر لەو کەسانەی کارەساتەکەیان بەسەر هاتووە، جۆرێک لە کێشەی دەروونیان هەیە، بەڵام نایانەوێ بیڵێن، یا نازانن ئەوە کێشەیەکە و پێویستی بە یارمەتی و چارەسەر هەیە.

**کەسوکاری قوربانیان و ئەو قوربانیانەی لە ژیاندا ماون:** ئەوانەی کارەساتەکەیان بەسەر هات و گیانیان لەدەست نەدا زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون. ئەوانە جگەلەوەی وەکو گوترا دەبێ هاریکاری و یارمەتی تەندروستی و دەروونیان پێ بگات، لەهەمان کاتدا دەبێ ژیانی کۆمەڵایەتیان چاک بکرێتەوە و یارمەتی پێویست لەمبارەیەوە بدرێن.

ئەوانە زۆربەیان گرفتارن و پێوستیان بە یارمەتی و هاریکاری هەیە. بێوەژنەکان دەبێ یارمەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەردەوامیان پێ بدرێت، هەوڵ بدرێت ئازاری لەدەستدانی خۆشەویستانیان لە ڕێگەی یارمەتی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا کەمبکرێتەوە و وا هەست نەکەن ستاتوسیکی ناتەواوی کۆمەڵایەتیان هەیە. دەبێ هەموو هەوڵێکی پێویست بۆ دروستکردنەوەی ژیانێکی ئاسایی و سەربەرزانە بۆ ئەو بێوەژنە کۆستکەوتوو و جەرگسوتاوانە دروستبکرێتەوە، بە جۆرێک کەسایەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەوان گونجاوانە پێکبهێندرێتەوە. وابکرێت بڕوا بە ژیان و گوزەران پەیدابکەنەوە و ئەگەری دواڕۆژێکی باشتر و ژیانێکی باشتریان بۆ دروست بکرێت. شایانی گوتنە گەلێ لەو بێوەژنانە لە ئازارێکی بەردەوام دان، بە ژیان تەواو نامۆن و ئومێدێکیان بە ژیان نەماوە، گەلکوژی لای ئەوانە درێژەی هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی کۆمەڵێ نهێنی قورسیان لایە.
پیروپەککەوتەکان، ئەوانە جگە لە یارمەتی و هاریکاری بەردەوامی تەندروستی و دەروونی، بەهەمان شێوە دەبێ ژیانیان بۆ دروست بکرێتەوە و بکرێنەوە بەشێک لە کۆمەڵگە و هەست بە تەنیایی و نامۆیی نەکەن یا هەوڵبدرێت باری قورسی نامۆیی و ئازارەکانیان کەمبکرێتەوە. بەگشتی چ بێوەژنەکان یا ئەوانەی توانای فیزیکیان باشە، دەبێ لە کۆمەڵگەدا چالاک بکرێنە و ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێندرێت کە بتوانن لە سیستەمی ئاسایی ژیاندا شوێنی خۆیان بکەنەوە. کار پێدان و باشترکردنی باری دارایی کەسیی، یارمەتیەکی گونجاوە لە ئاراستەیەکی گونجاودا.

منداڵەکان، کە زۆر لەوان ئێستا خاوەن ژن و منداڵە و هیچ یارمەتیەکی پێنەدرا، دەبوایە گەورەترین و زۆرترین هاریکاری دەروونی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەییان بکرێت. دەبوایە خوێندن و گوزەرانی ئەوانە بە باشترین شێوە مسۆگەر بکرێت (دیارە لەو کاتەوەی کوردستان ئازادە). دەبوایە دەسەلات شوێنی دایک و باوکی بۆ ئەو منداڵانە پربکردایەتەوە و هەوڵی مسۆگەرکردنی دواڕۆژێکی سوودبەخشی بە پێی توانا بۆ دابان.
دیارە ئێستاش خێزانە قوربانیەکان منداڵی دیکەیان بەرهەم هێناوە، ئەو منداڵانەش لە کارەساتی گەلکوژی بێبەری نین لە کاتێکدا مەینەتیەکانی دایک و باوک و کەسوکاریان بۆ ئەوانێش درێژبۆتەوە، ئەوانە لە خێزانە قوربانیەکان و لەبیرکراوەکان دا ژیان بەسەر دەبەن، بۆیە ئەوانەش پێویستیان بە چاودێری کۆمەڵایەتی، تەندروستی و پەروەردەیی هەیە، بەجۆریک بتواندرێ دواڕۆژێکی ئاسوودە و ئاساییان بۆ دابین بکرێت.  هەروەها ئەو منداڵانەی مۆرکی ژاری کیمیاویان لە دایکیانەوە بۆ هاتووە، ئەوانە وەکو نەخۆشەکانی دیکە، دەبێ هاریکاری و یارمەتی بدرێن.

**لاو و کەسە تەندروستەکان:** ئەوانە یارمەتی و هاریکاریان ئاسانترە، بەڵام نابێ فەرامۆش بکرێن، پێویستە یارمەتی ئەوانەش لە کار، ژیانی رۆژانە و خوێندن بدرێت، تاکو ئەوانە بتوانن ببنە یارمەتیدەرێکی گونجاو بۆ ڕاستکردنەوەی کۆستی کەوتووی دەوروبەریان، ببنە پێشەنگی ڕۆیشتن بەرەوە ژیانیکی باشتر و سوودبەخشتر. هەروەها بکرێنە بەشێکی چالاک لە بەرنامەی چاککردن و دروستکردنەوەی ژیانی کەسوکاری قوربانیان.

ئەوەی لێرەدا بۆ منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەکان دەبێ بکرێت، هەوڵدانێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان. ئەو جۆرە قەرەبووکردنەوانە وەکو قەرەبووی ئابووری نین، کە بتواندرێ بە پارە بنرخێندرێن، یا هەروا ئاسان پێناسە و دیاربکرێن، یا چوارچێوەیەکی دیاریان بۆ دابندرێت و دەستپێک و کۆتاییان هەبێت، بۆیە ئەوە ئەرکێکی زۆر سەختە، وزە و توانا و تایبەتمەندی زۆری گەرەکە و لەگەلێ باردا درێژخایەنە. چونکە هەوڵەکان لێردا بۆ قەرەبووی ئەو زیانانەیە کە بە پارە قەرەبوو ناکرێنەوە، هەوڵێکە بۆ سارێژی برین و ئازارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان.

هەموو ئەو خێزانە قوربانیانە، ماڵ و خانوو و شوێنی ژیانیان لەدەست داوە، دابینکردنی شوێنی ژیان، وەکو دروستکردنی خانوو لەگەڵ خزمەتگوزاری تەواو، زۆر گرنگە و کاری هەرە لە پێشە، چونکە بێ بوونی لانەیەکی گونجاو ئەو کەسە زامدارانە ناتوانن ئامادەی هەنگاوەکانی دیکەی دروستکردنەوە بن. لەتەک مسۆگەرکردنی شوێنی ژیان، دەبێ هەموو ئەو خێزانانە مووچەی گونجاویان بێ بوونی جوداکاری بۆ ببڕدرێتەوە. دیارە هاندانی کارکردن بە پشتگیری داراییەوە گرنگە هەبێت، واتە ئەگەر ئەو خێزانانە کەسی وایان هەبێت توانای کاری هەبێت، دەبێ بکرێتە کەسێکی بەرهەمهێنەر نەک پاسیڤ و بێبەرهەم. چونکە کارکردن خۆی لەخۆیدا گەرانەوە و تێکەڵبوونێکی گونجاوی ئاساییە لە ژیانێکی سوودبەخش و چالاکدا.

**قەرەبووی ئابوری:** هەموو ئەوانەی بەر کارەساتی گەلکوژی کەوتن، خانوویان لەدەست دا، ئەندامی خێزانیان لەدەستدا، بەرهەمی کار و کوشتوکاڵیان لەدەستدا. لەدەستدانی ئەندامانی خێزان بەهۆی کارەساتی گەلکوژی یا کۆمەڵکوژیەوە پێویستی بە قەرەبووی دارایی هەیە. واتە جگەلە قەرەبووە دەروونی، کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکە، دەبێ قەرەبووی داراییش بدرێتە کەسوکاری نزیکی قوربانیەکان. دیارە بریندار و نەخۆشەکان ئەوانیش قوربانیی کارەساتەکەن و دەبێ لە تەک قەرەبووەکانی دیکە قەرەبووی ئابوریشیان بۆ بکرێتەوە. قەرەبووی ئابوری لەسەر بنچینەی ژمارەی قوربانیان لە خێزانێکدا گونجاوە سەیری بکرێت. بەکورتی قەربووی ئابوری بۆ ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە و بۆ ئەوانەی تووشی نەخۆشی و کێشەی دەروونی هاتوون، هەروەها ئەوانەی لە کارەساتەکەدا بریندار بوون پێویستە.

قەرەبووی ئابوری دەبێ خەملاندنێکی چاوتێرانەبێ بۆ هەموو ئەو سامانەی کەسەکان لەدەستیان داوە وەکو خانوو، مەروماڵات، ئامێر و ترومبێل، کەلوپەلی ناوماڵ هتد. هەروەها قەرەبووی بەرهەمی لەدەستچووی کوشتوکاڵی یا پیشەسازی لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ناوچەکە داگیرکراو و خاپوورکراو بووە و ئەو ماوەیەی کە کەسەکان لەبەر لەدەستدانی پێداویستی گونجاو نەیانتوانیووە بەرهەم دروست بکەن و یارمەتیش لەمبارەیەوە نەدراون.

یارمەتیەکی بەرفراوانی ئابوری و ئاوەدان کردنەوەی گوند و شوێنە سوتێندراو و تێکدراوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕێگاوبان، ئاو و ئەلەتریک و دەزگا تەندروستی، پەروەردەیی و بەڕێوەبەریەکان بەجۆرێک دروستکردنەوەی ژیان بەشێوەیەکی باشتر و گونجاوتر لەوەی بەر لە شاڵاوەکانی گەلکوژی دەستیان پێکرد زۆر پێویستە و ئەرکی لەپێش و بێ ئەملا و ئەولایە. بەداخەوە یا هیچ لەمبارەیەوە نەکراوە یا ئەوەی تائێستا کراوە لە پێویست زۆر کەمترە. جگەلەوەی تائێستا کەس نازانێ قەرەبوو دەبێ یا نابێ، ئەگەر ببێ چەند و چۆن دەبێ.

### کوژراوان و کەسە ونبووەکان

قوربانیەکان ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە، ئەوانەن کە بە کۆمەڵ یا تاک تاکە کوژراون و لە شوێنی جیاجیادا بەکۆمەڵ یا تاک تاکە نێژراون. هەروەها ئەوانەی کە بەڕێکەوت و شانس بەڕێگای جۆراوجۆر لەمردن ڕزگاریان بووە، بەڵام وون بووینە و لە شوێنی جیاجیای ناوەوە و دەرەوەی ئێراقدا ژیان بەسەر دەبەن.

**گۆڕەبەکۆمەڵەکان:** گۆڕە بەکۆمەڵەکان وەکو لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە دۆزراونەتەوە و دەدۆزرێنەوە گەلێ زۆرن و خۆیان لەسەدان گۆڕی بەکۆمەڵ دەدەن، ئەوە جگەلە گۆڕە تاکوتەراکان کە لەژمارە نایەن.

لەمبارەیەوە دەبێ بۆ دۆزینەوەی گۆڕی زیاتر تیمی تایبەت دروست بکرێن، ئەو تیمانە دەبێ کەسانی شارەزا و تایبەتمەند بگرنەخۆیان. ئەو تیمانە دەبێ جگەلە دۆزینەوە پشکنین و لیکۆڵینەوە لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بتوانن بکەن، لە وردەکاریەکانی هەرگۆڕێکی بەکۆمەڵدا زانیاری ورد و تەواو سەبارەت بە پاشماوەی تەرمەکان و چۆنیەتی کوژرانیان، هەروەها ناسنامەیان بدەنە دەست. پاشان ئامادە بکرێن بۆ گواستنەوەیان بۆ کەسوکاریان. جێگای بیرخستنەوەیە لەمبارەیەوە چەند لیکۆڵینەوەیەکی کەم لەسەر هەندێ گۆڕی بەکۆمەڵی کوردەکان کراوە، ئەوەی Michael Trimble مایکل تریمبل کردبووی جێگای سەرنجە، پێویستە سوود لەو میتۆدە وەربگیرێت و دەبوایە ئەو جۆرە لیکۆڵینەوەیە زۆر زیاتر بان. سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمەکان تائێستا تەنها تەرمی 500 قوربانی بارزانی هێنراوەتەوە، ئەویش بەکەموکوڕیەوە. ئەوانەش ئەگەر بارزانی نەبان و لە سەرۆک نزیک نەبان ئێستاش هەر لەبیابانی خوارووی ڕۆژئاوای ئێراق دەکەوتن.

**کەسە زیندووە ونبووەکان:** ئەو کەسانە شانس یاریان بووە و بەجۆرێ لە جۆرەکان لە کوشتن دەربازیان بووە. بەڵام ونن و کەس نازانێ لە کوێن و چۆن ژیان بەسەر دەبەن. ئەو چیرۆکانەی لەمبارەیەوە هەن، لەمەڕ ئەوانەی ئێستا لە سعودیا دەژین، ئەوانەی لە شارە عارەبیەکانی ئێراق دەژین یا ئەوانەی لە ولاتانی دیکەی عارەبی دەژین، هەمووی پەنجە لەسەر بوونی کەسانێکی ونبوو دادەنێن و هەوڵی گەیاندنی سەرگوزەشتەکان بە کۆمەڵی کوردەواری دەدەن. دەکرێ هەندێ لە چیرۆکانە دروستکراو بن، بەڵام هەندێ لە چیرۆکەکان ڕاستی تەواویان دەکرێ تێدا بێت. بۆیە گومان لە بوونی ئەو دیاردەیەدا نییە. بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە و ساغکردنەوەی چیرۆکەکان دەبێ گروپ و تیمی شارەزا و تایبەتمەند دروست بکرێن، کەرەستە و سەرچاوەی گونجاویان بخرێتە بەردەست، دەبێ بەدوای چیرۆکەکاندا بچن، لە کەسە ونبووەکان بکۆڵنەوە، ئەو کەسانە بدۆزنەوە، بۆ گەڕاندنەوەیان یارمەتی تەواویان بۆ تەرخان بکرێت، قەرەبووی فرەلایەنیان بکرێتەوە، ئەگەر لە بارێکی خراپی کۆمەڵایەتی دابن، دەبێ هەرچی لەتوانادایە بۆ ڕزگارکردنیان تەرخان

بکرێت. دوای گەڕاندنەوەیان هەموو هاریکاریەکی دەرونی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ئابوریان بکرێت و پارێزگاریان بکرێت.

**منداڵ و کچە کۆیلەکراوەکان:** ئەو مندال و کچە مێرمنداڵ و گەنجانەی لە میانەی پرۆسەی گەلکوژی ئەنفالدا وەکو کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرا، بەپێی زانیاریە پەرتەوازەکان ژمارەیان بە سەدانن. ولاتی میسر یەکێ لەو ولاتە عارەبیانەیە کە لەو بازرگانییە پشکدارە. بۆ دۆزینەوەی ئەوانە و بەدواداچوونی چیرۆکەکان دەبی تیم و گروپی پسپۆر دروست بکرێن و کەرەستە و سەرچاوەی گونجاویان بۆ دروست بکرێت. پێویستە وەکو کەسە ونبووەکانی دیکە یارمەتی و هاریکاریان بکرێت، دیارە ئەوانەی تووشی بازرگانی سێکسی کراون پێویستیان بە قەرەبوو و یارمەتی دەرونی، کۆمەڵایەتی و کەلتوریی زیاتر و وردتر هەیە. دەبێ هەوڵی دروستکردنەوەی کەسایەتیەکی خاوەن بەها بۆ ئەو کەسانە بدرێت. سزای هەر کەسێک بدرێ کە بەچاوی کەم سەیری ئەو ژنانە بکات یا سوکایەتی بەو ژنانە بکات. گەیاندنی ئەوانە بە وڵاتانی ئەوروپا دەکرێ باشترین چارەسەر بێت، چونکە کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی کۆنەپەرستیەکەی دەکرێ بۆ ئەو قوربانیانە دۆزەخێکی دیکە بێت.

دۆزینەوە و یارمەتی کەسە ونبووەکان جگە لەتیم دروستکردن و بەدواداچوون، دەبێ لە ئاستی بەرزی دەسەڵاتەوە بڕیاری کانونی بۆدەر بکرێت و هەوڵی بۆ بدرێت. بەداخەوەی سەبارەت بە کچە فرۆشراوەکانی وڵاتی میسر نەک دەسەڵاتی کوردی کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، بەڵکو نوێنەری کورد لە میسر حازم یوسفی خۆی لە میسریەکان زیاتر بەرگری لە نەبوونی دیاردەیەکی ئەوها لە ولاتی میسردا کردووە، ئەوە بەبێ هیچ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەکی فاکتەرئامێز. میسریەکان بەبێ هیچ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەمبارەیەوە، دەڵێن شتی وا بوونی نییە، ئەو گوتنەش بۆ وڵاتێکی نادیموکرسی و دیکتاتۆری وەکو میسر سەیر نییە، بەلام سەیر ئەوەیە نوێنەری "کورد" لە هەمان ئاواز دەخوینێ!

### تاوانباران و دادگایی تاوانباران

**تاوانباران و ناساندنیان:** پێویستە دەزگایەکی تایبەت بۆ ناساندن و دیارکردنی هەموو ئەوانەی کەم یا زۆر بەشداریان یا هاریکاریان لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا کردووە، تەرخان بکرێت. چۆنیەتی و شوێنی تاوانکاریەکان و ئاستی بەشداریان لە تاوانەکەدا دیار بکرێن و بەلایەنی پەیوەستدار و خەڵک بەگشتی بناسێندرێن. روونکرێتەوە لەبەرچی دەکرێ ئەوانە تاوانبار بن یا پشکداریان لە تاوانەکەدا هەبێت، یا تاوانبارن و پشکداریان لە تاوانەکەدا هەیە.

**تاوانبارە ناوخۆییەکان:** تاوانبار لە گەلکوژی ئەنفالدا هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری یا هاریکاریان لە پرۆسەی گەلکوژیەکەدا لە ئاست و شوێنی جیاجیادا کردووە. واتە ئەوانەی پلانیان داڕشتووە، بڕیار و فەرمانیان داوە، لە پلاندانانەدا بەشداریان کردووە، راستەوخۆ بەشداریان لە هێرش و شاڵاوە سەربازیەکاندا کردووە، ڕاستەوخۆ لە کوشتنەکاندا بەشداریان کردووە، گۆڕیان هەڵکەندووە و داپۆشیووە، خەڵکیان گرتووە یا بەگرت داوە، یا بەشێوەیەکی دیکە یارمەتیان لەجێبەجێکردنی تاوانەکەدا داوە. ئەوانە هەمووی هەرکەسە و بەپێی تاوانەکەی خۆی دەبێ بدرێنە دادگا و بەسزای کانونیانەی خۆیان بگەن. ئەو تاوانبارانە لە جاشەکانەوە تا بەرزترین بەرپرسی ئێراقی دەگرێتەوە.

دادگا ناتەواو و ناڕەوا و عارەبیەکەی ئێراق هەندێ کەسی پلەبەرزی بەعسی وەکو عەلی کیمیاوی و ئەوانیتر داوەتە دادگا، ئەو دادگایە خۆی سەدام حوسینی دیکتاتۆری لە مەڕ سزای گەلکوژی ئەنفال ڕزگار کرد. زۆر لە کەسانی دیکەی تاوانبار ماون دەبێ بگیرێن و بدرێنە دادگا، بەڵام بەداخەوە دەسەلاتدارانی ئێراق بە کورد و عارەبەوە خۆیان پەنا و پارێزگاری زۆر لەو تاوانبارانە دەدەن و دەکەن.

بەدادگایی گەیاندنی تاوانباران لە دادگایەکی ڕەوادا، یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی پێشگرتن بە دووبارەبوونەوەی تاوانی گەلکوژی. ئەو پرۆسەیەش بە ساڵیک و دووان تەواو نابێت ڕەنگە بەدەیان ساڵ بخایەنێت. دیارە دەبێ بیری بخەینەوە ئەو تاوانەی کراوە ستاتی ئێراق بەرامبەر بە گەلی ژێردەستەی کورد کردوویەتی، چونکە تاوانەکە لە چوارچێوەی بڕیارەکان و دەسەلاتی بەرزی ستاتی ئێراقەوە دەرچووە و جیبەجێکراوە، بۆیە لە دەبێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە لە چوارچێوەیەکی کانونیدا بکرێتەوە.

دەبێ تیمی کانونی، شارەزا و پسپۆڕ بۆ دۆزینەوەی تاوانباران تەرخان بکرێت، دۆسیە بۆ دادگاییکردنی تاوانباران تەرخان بکرێت، دادگاییکردنیان ئۆرگانیزە بکرێت و پرۆفیشناڵانە جێبەجێ بکرێت.

**تاوانباره دەرەکییەکان:** جگەلە تاوانبارەکانی ناو چوارچێوەی ئێراق، هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی ئێراقدا چ وەکو ستات یا کۆمپانیای کیمیاوی و تەقەمەنی یارمەتی ئێراقیان لەسەردەمی گەلکوژی ئەنفالدا بە جۆرێ لەجۆرەکان داوە دەکرێ پشکیان لە تاوانەکدا هەبێت و دەکرێ هەوڵی لێپرسینەوە و دادگاییکردنیان بدرێت، هەروەها داوای قەرەبوویان لێبکرێت. ئەو دەزگا و ستاتانەی کە بوونەتەهۆی دروستکردنی چەکی کیمیاوی، یا بەجۆرێتر بەشداریان لە هێرشەکەدا کردووە یا کاری وایان کردووە کە بۆتە کارئاسانی لە گەلکوژییەکەدا، دەکرێ وەکو تاوانباری دەرەکی سەیریان بکرێت و هەوڵی لێپرسینەوە و دادگاییکردنیان بدرێت. ناساندن و دیارکردنی ئاستی تاوانباریی ئەوانە خۆی لەخۆیدا کارێکی هەرە گرنگە. ئەوە بەهەمان شێوە ئەو وڵاتانەی یا کەسانەی بەشداریان لە بازرگانی کچ و منداڵە کۆیلەکراوەکان کردووە دەگرێتەوە.

**کردنەوەی دەزگای پەروەردەیی بۆ ئەو کەسانەی تاوانیان سوکە:** ئەو کەسانەی تاوانیان سوکە یا بە جۆرێ لە جۆرەکان لە پرۆسەکە گلاون، پێویستیان بە پەروەردەکردن و چاککردنەوەی مۆرالی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاد دەکرێن و دێنەوە ناو کۆمەڵگە، ئەگەر ئەوانە بە پرۆسەی پەروەردەیی و چاککردنەوەدا تینەپەڕن، دەکرێ زیان بە کۆمەڵگە بگەیەنن.
ئەوەش هەوڵێکە بۆ جێهێشتنی تراژیدیا و ئازارەکانی گەلکوژی لە ڕێگای دروستکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی دروست و گونجاودا.

### ئاشتبوونەوە و لێبووردن

هەردوو گەلی قوربانی و تاوانکار پێویستیان بە دروستکردنەوەی پەیوەندیەکی ئاسایی هەیە، ئەوەش کاتێک دەکرێ ئەگەر لایەنی تاوانکار کە لێرەدا ستاتی ئێراقە داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات و هەموو قەرەبووکان بژمێرێت، لە لایەن خۆیەوە و لە ناو گەلی عارەبی ئێراقدا تاوانی ئەنفال وەکو ژینۆساید بناسێت  و ڕیسوای بکات، لە هەموو ئاستەکاندا پەروەردە و میتۆدی ئاشتیپارێزانە پەیڕەو بکات. هەروەها ددان بە یەکسانی مافی سەروەری گەلی کورد بنێت، ئەویش ددان نانە بە سەربەخۆیی گەلی کورد، چونکە گەلی کورد ناتوانێ لە ئێراقدا لەگەڵ عارەبەکان یەکسان بێت و ئەوەی ئیستا هەیە ناتوانێ ئاشتبوونەوە مسۆگەر بکات. دژایەتی عارەبەکانی ئێراق بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد، ئاراستەکەی ڕووەو گەلکوژی و کارەساتی دیکە دەبێ نەک ئاشتبوونەوە و بەیەکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانە.
دەبێ بۆ تێگەیشتن و بەدیهێنانی ئەو پرۆسەیە خەڵکی شارەزا و پسپۆڕ لە دەزگای تایبەتدا تەرخان بکرێن، لە ئاستی بەرزی دەسەڵاتدا بڕیاری بۆ دەربکرێت و کاری لەسەر بکرێت.

### دەزگای زانستی خوێندن و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە گەلکوژی ئەنفال

گەلکوژی خۆی لە خۆیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی بەردەوام هەیە، کە گەلی کورد تووشی کارەساتی گەلکوژی بووە، پێویستە لەو بارەیەوە دەزگای تایبەتی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە و تویژینەوە لەسەر گەلکوژی ئەنفال، پاکتاوی ڕەگەزی، بەعارەبکردن و کوشتنە بەکۆمەڵەکان دابمەزرێنێت. پێویستە ئەو دەزگایە لە هەموو لایەن و کونوکەلەبەرەکانی کارەساتی ئەنفال و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی، دەروونی، کەلتوری، ئابوری و ڕامیاریەکان بتوانێ بکۆڵێتەوە و بەرنامەی زانستی بۆ ئەو لایەنانە ئامادە بکات. هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکی گەلکوژی و لایەن و خاڵەکانی پەیوەستدار بەو چەمکە بکات، لەسەر گەلکوژییەکانی دیکە کە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان ڕوویان داوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکات و بە جیهانی گەلی کوردیان ئاشنا بکات.
ئەو دەزگا زانستییە پەیوەندی و کۆنتراکت لەگەل دەزگا جیهانییە دەستەخوشکەکانی بکات و ئاڵوگۆڕی مەتریال و زانین لەگەڵ ئەوانەدا بکات.
پێویستە ئەو دەزگا زانستیە وەکو زانستگەیەک هەموو پێداویستی، کەرەستە و سەرچاوەکانی زانستگەی هەبێت. بتوانێ بڕوانامەی زانستی لە هەموو ئاستەکاندا بە خوێندکاران بدات.

### هەوڵەکانی ناساندن

گەلکوژی ئەنفال وەکو گەلکوژیەکی تایبەت و خاوەن تایبەتمەندی بەبەراورد لەگەل ئەوەی بۆنمونە بۆ هۆلۆکۆست، ڕواندا، سرەبرەنیسیا کراوە، تا ئێستا لە ئاستی ناساندندا زۆر کەمی بۆ کراوە. ناساندنی گەلکوژی ئەنفال لە چەند لایەنەکەوە سوودبەخشە، یەکەم: بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە تاوانی گەلکوژی بەگشتی و هەوڵەکان بۆ پێشگرتنی گەلکوژی

و تاوانی لەو شێوەیە لە شوێنی دیکەی جیهاندا. دووەم: بۆ پەیداکردنی پاڵپشتی نێونەتەوەیی بۆ پارێزگاری و پێشگرتن بە گەلکوژی یا تاوانی ئەوهای دیکەی دژ بە گەلی کورد لە داهاتوودا. سێیەم: بۆ ناساندنی کارەساتەکانی بەسەر گەلی ژێردەستەی کوردا هاتوون و بەمجۆرە بەرەوپێشبردنی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و ئاشتی لە بواری ڕامیاریدا.
هەوڵەکانی ناساندن دەبێ لە نزمترین تا بەرزترین ئاستەوە بێت، دەبێ لە ئاستی گوزارشت و گێڕانەوە وە بۆ ئاستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بێت. دەبێ کۆمەڵێ پرۆژەی درێژخایەنی پسپۆڕ بۆ هەموو ئەو بوارانە دابمەزرێندرێت و تەرخان بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پەیوەندی بە ڕێکخراوە جیهانییە دەستەخوشکەکان، زانستگەکان بەگشتی و زانستگە تایبەتەکان بە گەلکوژی بە تایبەتی بکرێت، لەم بوارەوە کۆنفرانس و لیکۆڵینەوە و سمینار ساز بکرێن. لە کۆمەڵگەکانی ولاتانی دیکەی جیهاندا لە ئاستە گونجاوەکاندا کۆڕ و سمیناری خەڵکیی ڕێکبخرێن، پێشانگا لە یاد و بۆنەکاندا بکرێنەوە، لە خوێندگەکاندا لە هەموو ئاستەکاندا، لە کەنیساکاندا، لە دامەزراوەکاندا کۆڕ و سمینار ساز بکرێن، دەرکردنی گۆڤاری زانستی و ئاسایی لەمەڕ گەلکوژی ئەنفالدا لە ولاتانی جیهاندا و بە زمانە سەرەکیە نێونەتەوەییەکان کاری بۆ بکرێت، یارمەتی نووسەران و لێکۆڵەران خەرجکردنی بودجەی پێویست بۆیان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر گەلکوژی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانی دیکەی بەسەر کورددا هاتوون. بانگهێشتی شارەزایان بۆ کۆڕ و کۆنفرانس لە کوردستاندا.

هەروەها لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا، دەبێ ئەو گەلکوژییە بخرێتە سیستەمی پەروەردەیی و نەوەکانی گەلی کوردی پێ ئاشنا بکرێت. پێشانگا بکرێنەوە، کۆڕ و سمینار ساز بکرێن، پەیکەر و سیمبۆل بۆ قوربانیان لە شوێنی گونجاودا دروست بکرێن، پەیکەری تاوانباریی بۆ تاوانباران لە شوینی گونجاو (بۆنمونە تۆبزاوا) دروست بکرێن. دەبێ هەموو ئەو ڕێگایانە بگردرێنە بەر بۆ ئاشناکردنی تاوانی گەلکوژی ئەنفال بە مرۆڤی کوردی بە باشترین و گونجاوترین شێوە. بەجۆرێ کە بتوانێ تێگەیشتنەکی کۆی گونجاو لەسەر تاوانەکە دروست بکات، ئاراستەیەکی ئاشتیانە و مرۆڤانە لەخۆوە بگرێت.

### بەرنامەڕێژی و ئۆرگانیزەکردنی هەموو ئەو پرسانە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن؟

دەبێ دەزگایەکی بەرفراوانی خاوەن دەسەڵات و سەرچاوە بۆ هەموو ئەو پرس و بابەتانەی کە ناویان هێندرا و ئەوانەی گۆتنیان لێرەدا لەسەر نەکراوە، دابمەزرێت و تەرخان بکرێت. سیستەماتیکیانە و کۆنکریتیانە بۆ هەریەکەی ئەو بابەتانە و بڕگە و لقەکانی ئەو بابەتانە پرۆگرامی کار دابرشترێ و سەرچاوەی پێویست ئامادە بکرێن. ماوە بۆ جێبەجێکردنی هەر قۆناغێکی کار لە هەر بابەتێکدا دیاربکرێت، پێداچوونەوە و لێپێچانەوە لە سەرنەکەوتن یا سەرکەوتنی کارەکاندا لە ماوەی دیاریکراودا بکرێن. هەڵسەنگاندن لەو ڕوانگەیەوە بکرێت و گۆڕان لەو بەرنامانەی کە لاوازن بکرێن. دەبێ پێوەرە گونجاوەکانی ئەو پرۆژانە و ئەگەری بەئەنجام گەیاندن و کۆسپەکان شیکار بکرێن و لە بواری جێبەجێکردندا لە ژێر چاودێری دابن.

وەکو گوترا و بیندرا ئەو کارانە و هەوڵی پرۆگرامکردن و کارکردن بۆیان، توانا و وزەیەکی زۆری دەوێ، ئەوەش بەلایەنی کەم مینستەریەکی تایبەتی گەرەکە و دەبێ پاڵپشت و یارمەتی تەواوی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لە پشتەوە بێت. دیارە ئەو بابەتانەی ئاماژەمان بۆ کردن و کە پەیوەندیان ڕاستەوخۆ بە گەلکوژی ئەنفالەوە هەیە، زۆر بەرفراوانترن لە یادکردنەوە، کێشەی خێزانەکان و مسۆگەرکردنی مووچە بۆیان یا بوونی جوداکاریی لەمبارەیەوە، وەکو دەسەڵاتی کوردی و پارلەمانی کوردستان ئاماژەی بۆ دەکەن. دەسەلاتی کوردی هەندێ کار و هەوڵی بچوکی داوە، جگەلەوەی هەول و کارەکان لە کاریگەری بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار بەدەر نین، بەڵکو زۆر لە ئاستی پێویست دوورن، پەرت و بڵاو و بێ بەرنامەی تەواون. لەگەلێ باردا دەسەلاتداران ئاراستەی دژ و نەرێنیان هەیە. ئەوەی تائێستا دەسەڵاتی کوردی بۆ کارەساتی گەلکوژی ئەنفالی کردووە، هێما بۆ کەمتەرخەمی و ناشایستەیی دەکات. هێما بۆ تێگەیشتنێکی لاواز و ناتەواو سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال دەکات. گومان دەخاتە سەر ئەوەی ئەوان لە گەورەیی کارەساتی گەلکوژی ئەنفال گەیشتبن. ئەوەی بەڕاکشاوی گەلێجار و لە زۆر بۆنەدا هەستی پێکراوە، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ئامادەییان هەیە، بەرژەوەندی پارتەکەی خۆیان لەسەرووی ئەنفال و پرسەکانی گەلکوژی ئەنفال و دواجار لەسەرووی بەرژەوەندی گەلدا دابنێن.

[1] پێویسته لێرەدا بگوترێت، وشەی "شەهید" وشەیەکی عارەبیە و بەو کەسانە دەگوترا کە لە جەنگی ئیسلامیزەکردندا دژی خەڵک و کۆمەڵە ناموسوڵمانەکان، دەکوژران. دیارە دەکرێ پێشتریش لای عارەبەکان بەکارهاتبێت، بەڵام لەسەردەمی داگیرکاریەکانی لەشکری ئیسلامدا بە بەرفراوانی و بەئاگایانە بەکارهاتووە. بەمجۆرە وشەی شەهید بەبێ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی گونجاو هێنراوەتە ناو زمانی کوردی. لەو تێگەیشتنەوە بەکارهێنانی وشەی شەهید بۆ کەسانێک کە لەسەر خەباتی ڕزگاری و بۆ ئازادی کورد و کوردستان گونجاو نییە و ڕەخنەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ.